# كاتژمێره‌كانی داهاتوو سیسته‌می بلوتووسیان ده‌بێ

سیسته‌می بلوتووس سیسته‌مێكه بۆ راگواستنی داتاكان له‌مه‌ودای كورتدا سوودی لێوه‌رده‌گیرێ. سیسته‌می بلوتووس ئێستا گه‌یشتۆته قۆناغی چواره‌م، واته سیسته‌می بلوتووسی 4، له سیسته‌می بلوتووسی چواردا جگه‌له‌وه‌ی خێرایی راگواستنه‌كان زۆره، مه‌ودای راگواستنه‌كه‌ش له 10 مه‌تره‌وه گه‌یشتۆته 60 مه‌تر. سیسته‌می بلوتووس تا ئێستا هه‌ر له‌نێوان كۆمپیوته‌ر و مۆبایلدا هه‌بوو، به‌ڵام له داهاتوودا كاتژمێره‌كانیش ده‌بنه خاوه‌نی بلوتووس و كاتژمێره‌كان ده‌توانن داتاكان هه‌ڵبگرن و بگوازنه‌وه. جگه له گواستنه‌وه‌ی داتاكان بلوتووس بۆ فه‌رمان پێدانیش ده‌بێت، هه‌ربۆیه جگه له كاتژمێر ته‌له‌فزیۆنه‌كانیش ده‌بنه خاوه‌نی بلوتووس.




# شایه‌تی له وڵاتێكی گه‌وره‌دا Kings Legacy




حه‌ز ده‌كه‌ی ببی به پاشایه‌كی راسته‌قینه و ده‌سه‌ڵاتت هه‌بێ به‌سه‌ر وڵاتدا، یاری ئه‌لكترۆنی نوێ وسه‌رنجراكێشی Kings Legacy ئه‌و هه‌له ده‌ڕه‌خسێنێ تا خۆت به پاشایه‌ك ببینی له مێژووی سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاستدا. ئه‌و یارییه به‌ته‌واوی سێ ره‌هه‌ندییه. له‌و یارییه دا ئێوه خاوه‌نی وڵاتێكی گه‌وره‌ن و شایه‌كی داد گه‌رن كه گوێ بۆ گرفته‌كانی خه‌ڵك راده‌گرن، به‌ڵام وه‌ك هه‌موو داستانی شاكانی پێشوو، شاش دوژمنی خۆی هه‌یه كه براكه‌یه‌تی و ده‌یه‌وێ ده‌سه‌ڵاتی له‌ده‌ست ده‌ربێنێ. ئێوه له‌و یارییه‌دا كه رۆڵی شا ده‌بینن ده‌بێ پاراستنی نیشتمان و گه‌ڕاندنه‌وه‌ی ئه‌منییه‌ت و ئاسایش بۆ وڵاته‌كه‌ت ده‌ستبه‌ر بكه‌ن و شه‌ڕ له‌گه‌ڵ دوژمنه‌كه‌تدا بكه‌یت. جگه له‌وه‌ی كه ئارامی بۆ وڵاته‌كه‌ت ده‌ستبه‌ر ده‌كه‌ی، ده‌بێ له‌بیری باری ئابووری وڵاته‌كه‌ش دابی كه ئه‌ویش به‌كۆكردنه‌وه‌ی خۆراك و دانه‌وێڵه ده‌كرێت و هه‌روه‌ها قه‌ڵای نوێ دروست ده‌كه‌ی، تا له به‌رامبه‌ر دوژمنانت دا به‌هێز بی، به‌كورتی یارییه‌كه زۆر سه‌رنجراكێشه، بۆ گشت ته‌مه‌نێك ده‌گونجێت.

# له skype دا ده كه‌س ده‌توانن پێكه‌وه قسه بكه‌ن





ده كه‌س ده‌توانن پێكه‌وه قسه بكه‌ن

نوێترین پرۆگرامی ته‌له‌فۆنی ئینته‌رنێتی (VoIP) سكایپی ئه‌و هه‌له بۆ به‌كارهێنه‌ران ده‌ره‌خسێنێ كه ده كه‌س پێكه‌وه له‌یه‌ك كاتدا قسه بكه‌ن و پێوه‌ندی ده‌نگ و ره‌نگیان هه‌بێ. له‌كاتێكدا له ڤێرژنی پێشوودا ته‌نیا 5 كه‌س ده‌یانتوانی پێكه‌وه قسه بكه‌ن. جگه له‌وه له‌و ڤێرژنه نوێیه‌ی سكایپی دا، ده‌كرێ ئه‌و پێوه‌ندییانه‌ی كه پێشتر كراون سه‌رله‌نوێ گوێیان لێبگریه‌وه، ئه‌و پێوه‌ندییانه‌ی كه به‌هۆی پچڕانی هێڵی ئینته‌رنێت تووشی گرفت هاتوون.

گۆڕانكارییه نوێیه‌كه‌ی سكایپی ئه‌وه ده‌گرێته‌وه كه ده‌یهه‌وێت خزمه‌تگوزاری ته‌له‌فۆنی ئینته‌رنێتی گوگل وه‌ك ركابه‌رێكی به‌هێزی خۆی نه‌بینێت.

# چاککردنەوەی وێنە لە فۆتۆشۆپی CS5 دا




بەبێ ریکلام کردن، دەبێ بڵێین پرۆگرامی فۆتۆشۆپ شا پرۆگرامی گرافیکییە، زۆرجار لە فایلی ITدا لەسەر گرنگی فۆتۆشۆپ دواوین، دوا ڤێرژنی فۆتۆشۆپ و پرۆگرامەکانی ئەدۆب، فۆتۆشۆپ CS5ـە. کە گۆڕانکارییەکی زۆری بە بەراورد بە ڤێرژنەکانی پێشووی خۆی تێدا پێکهاتووە. یەکێك لەو گۆڕانکارییانە چاککردنەوەی وێنەیە، یان بڕینی بەشێك لە وێنەیە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێ. لە ڤێرژنەکانی پێشوودا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە پێویستی بە ماندووبوون و وردبینییەکی زۆر هەبوو، بەڵام لە فۆتۆشۆپ CS5دا، فەرمانێکی سیحری تێدایە کە بە ئاسانی بەشە خراپ بووەکانی وێنە باش دەبێتەوە.

یان بەشێك لە وێنە دەسڕێتەوە بەبێ ئەوەی کە هەستی پێ بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە کاتێك وێنەیەك لە فۆتۆشۆپ CS5دا دەکەیەوە، دوگمەی J لێبدە، بە لێدانی ئەو دوگمەیە فەرمانی Spot Healing brush tool دەکرێتەوە. ئێستا هەر ئەوەندە بەسە بەو قەڵەمە سیحرییەی کە تێدایە بەسەر بەشێك لە وێنەکەدا بێنن کەمەبەستتانە، بەبێ گرفت وێنە خراپ بووەکە باش دەکاتەوە.

# Ipod ی چوارەمی ئەپڵ بناسن

کۆمپانیای ئەپڵ نوێترین ئایپۆدی خۆی بەناوی ipod touch ناساند، ئەو ئایپۆدە نوێیە دەکرێ بڵێین جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ مۆبایلی ئایفۆنی 4دا نییە، تەنیا ئەوەندە کە بەهۆی ئەوەوە ناکرێ پێوەندی تەلەفۆنی دابمەزرێنی، سایزەکەشی بە بەراورد بە ئایفۆنی 4 باریکترە. خاوەنی دوو کامێرایە یەك لە پێش و یەك لە دواوە کە دەکرێ بە کامێراکەی پشتەوە بە کوالێتی 720dip فیلم هەڵبگریەوە. جگە لەوەش دەکرێ بە کامێراکەی پێشەوەی لەگەڵ ئایپۆد و ئایفۆکانی دیکە پێوەندیت هەبێ. ئایپۆدی 4 وەك ئامرازێکی باش بۆ سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت دەگونجێت.



# گوگل و یاهوو لە یەک سایتدا



ئەو کەسانەی کە سەر لەئینتەرنێت دەدەن بەتایبەتی کە تازە ئاشنابن لەگەڵ جیهانی ئینتەرنێت، بەر لەهەموو شتێك سایتی گوگل دەکەنەوە، گوگل و یاهوو گەورەترین سایتی بەدواداگەڕانن. زۆرجار هەیە بەدوای وێنەیەك لە سایتی گوگلدا دەگەڕێی، کەچی ناگەی بە وێنەی مەبەستت، ناچار پەنا بۆ سایتی یاهوو دەبەی، جار هەیە پێچەوانە. سایتی yahbingoo کە کورتکراوەی یاهوو، بینگ و گوگڵە، هەرسێ سایت لەو سایتانە پێکەوە کۆبوونەتەوە و بەدوای هەر شتێکدا بگەڕێی، ئاکامی بەدەست هاتوو هەر سێ سایتەکە نیشان دەدات. جگە لەسایتی -yahbin goo سایتێکی دیکەش هەیە کە سایتی dogpileیە، ئەو سایتەش هەر وەك سایتەکەی پێشوویە، تەنیا جیاوازییەکەی لەوەدایە کە لەو سایتەدا ئاکامی بەدواداگەڕانەکانی هەرسێ سایتی گوگل و یاهوو و بینگ پێکەوە نیشان دەدات، لە کاتێکدا لە سایتی yahbingoo هەرکام لە لاپەڕەیەکی بەجیا نیشان دەدات.

# کامێرایەکی بچووک تایبەت بە منداڵان




لەجیهانی دیجیتالیدا، جیهانی منداڵان جیاوازە، ئــەوان زیاتر حەز لــە ئامێرە ڕەنگاوڕەنگــەکان دەکەن کە نزیك بێ لە جیهانی خۆیــان. کۆمپانیای Digi-tal blue بــەم دواییانە کامێرایەکی نوێــی دیجیتالــی بــۆ منداڵان بەرهەم هێناوە کە هەم کامێرای وێنەگرتنە و هــەم کامێرای فیلــم هەڵگرتنــەوە. کامێراکە ناوی U-Turnـە، توانــای هەڵگرتنەوەی فیلمــی بە کوالیتیکی باشــی هەیە. هەروەها شاشەیەکی LCD هەیە کە دەکرێ بە دەوری خۆیدا بســوڕێتەوە. لەو کامێرایەدا دەکرێ ئیفێکت لەســەر وێنەکان دابنــدرێ و هەروەها دەتوانی فیلمیشی پێ مۆنتاژ بکەی.


# ئەو ویندۆزەی کە قەت تێک ناچێ

ئەوانەی شارەزای کۆمپیوتەرن، دەزانن سیســتەمی بەگەڕخەری کۆمپیوتەر ویندۆزە، کە لەو دە ســاڵەی دواییدا گۆڕانــکاری زۆری بەخــۆوە دیوە، سیســتەمی ویندۆزی ME دواتر سیستەمی XP و دواتــر Vista و لــەم دواییانەش سیســتەمی ویندۆز 7، هەر سیستەمێك بە بــەراورد بە سیســتەمی پێشــوو ی تایبەتمەندی نوێی پێوە زیاد بووە.

هــەرکام لەو ویندۆزانــەی کــە باسمان کــردن بەهۆی دەستکاری کردن و یــان دابەزاندنــی پرۆگرامی نوێ ئەگەری تێکچوونی هەیە، زۆرجار کە تێك دەچێ و دەمانهەوێ سیستەمەکە بۆ ئەو کاتــە بگەڕێنینەوە کە باش بووە فەرمانــی System restore لێدەدەین، بە هۆی سیستەم ڕیستۆرییەوە، دەتوانــی سیســتەمەکە بــۆ ئەوکاتــە بگەڕێنیەوە کە باش بووە، بەڵام Sys-tem restore یــش گەلێك جاران ناتوانی بەگوێرەی پێویست بە کارەکەی خۆی هەڵستێت.




پرۆگرامی ACA System Re-store باشــترین جێگرەوەی سیســتەم ریســتۆرییە. ئــەو پرۆگرامــە هیچ کاتێك ناهێڵێ سیستەمەکە تێك بچێت، دەتوانی سیستەمەکە بگەڕێنیەوە بۆ ئەو کاتەی کە باش بووە. تایبەتمەندییەکی هەرە باشــی ئەو پرۆگرامە لەوەدایە کە ئەو کاتەی کە سیســتەمەکەش کار نــاکات، ئــەو پرۆگرامە ئیشی خۆی هەر دەکات، بەهــۆی ئــەو پرۆگرامەوە دەکرێ لە ماوەی چەند خولەکێك دا گشت گرفتەکان چارەسەر بکەی. تەنانــەت ئــەو کاتــەی کــە سیســتەمەکە تــەواو تێکشــچــوو، بەهــۆی پرۆگرامەوە هیچ فایلێکــت لەناو ناچێ و خەمی لەدەســتدانی داتاکانت نابێت. بۆ دابەزاندنی ئەو پرۆگرامە لە ئینتەرنێت، ئەو لینکە لێبدەن. http://clicklinks.ir/29705a



# موبایلێک هەڵدەستێتە سەرپێ


وەك دەزانـــن كۆمپانیای نۆكیا یەكێك لە گەورە كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنی مۆبایلە، هاندەكانـــی نۆكیا هەمیشـــە لـــە ریزی یەكەمەكانـــن. لەم دواییانـــەدا كۆمپانیای ناوبـــراو هاندێكی سەرنجراكێشـــی بەرهەم هێنـــاوە كـــە دیزاینەكـــەی Jeremy Hopkins دایڕشتووە.

تایبەتمەندی ئەو هاندە لەوە دایە ئەوكاتەی كە پێوندی بـــەو مۆبایلەوە دەگیرێ واتە ئەوكاتەی زەنگ لێدەدا، هاندەكە لـــە حاڵەتی ســـتوونی دەچێتە حاڵەتی ئاســـۆیی، واتە هـــەم وەك ڕێزدانانێك بۆ پێوەندگرەكە و هەم وەك ئاگاداركردنەوەی خاوەنەكەی بەپێوە دەوەستێ. هەر كاتێكیش كـــە پێوەندییەكە تـــەواو بوو بـــە ئارامی دەچێتەوە حاڵەتی ستوونی.

# پرۆگرامێکی زۆر گرنگ بۆ دابەزاندن لە ئینتەرنێت

ڕەنگە زۆرجاران ئەوەتان بۆ هاتبێتە پێش كە لـــە ئینتەرنێتدا خەریكی دابەزاندنی پرۆگرامێكـــن، بەڵام لەنـــاكاو خێرایی هێڵەكە كەم دەبێتەوە و ماوەیەكی زۆری پێدەچێ تا پرۆگرامەكە دابەزینێ، یان ئەوەی كە لەنـــاكاو هێڵی ئینتەرنێتەكە نامێنێ، ئیدی دەبێ سەرلەنوێ فایلەكە داونلۆد بكەیەوە.

پرۆگرامـــی Orbit Down-loader 4.0.0.3 پرۆگرامێكـــە كە بەهۆی ئـــەوەوە دەتوانی پرۆگرام و داتاكان لە ئینتەرنێتدا بە خێرایی 2 جار خێراتر لە هێڵی ئینتەرنێتەكە دابەزینی، هەروەها بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەكرێ كاتێك بۆ دابەزاندنی پرۆگرام و داتاكان دیاری بكـــەی كە لەو كاتەدا دەســـت بكات بە داونلۆد كردن بكات لە كاتێكی دیاریكراویشدا داونلۆد رابگرێ. بەهۆی ئـــەو پرۆگرامەوە دەتوانـــی فایلەكانی video، music، flash دابەزینی كە بە پرۆگرامەكانی دیكەی هاوشێوەی ئەو پرۆگرامە دانابەزن.




# گوگڵ لە پێشکەوتنی بەردەوامدا

سـایتی گـــوگڵ، خزمەتگوزارییەكی نوێ لە ســـایتەكەیدا دروست كردووە كە گەر كەسێك بەدوای بابەتێكدا بگەڕێ، جا ئەو بابەتە هەواڵ بێت، یان بابەتێكی زانســـتی گرنگ، یان هـــەر بابەتێك كە بۆ بەكارهێنەرەكە گرنگە، دەكرێ ســـات بە ســـات گوگڵ لە بەدواداگەڕانەكەدا ئـــاگاداری بەكارهێنەرەكـــە بكاتەوە. بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتر گـــەر ئێوە بەدوای ژیان لەسەر هەسارەی مەریخ دا بگەڕێن ئەو بابەتە ســـێرچ بكەن، گوگڵ سات بە سات هەواڵ و بابەتی گرنگ لەو بارەوە بۆ بەكارهێنەرەكە بە ئیمێڵ ڕەوانە دەكات. ئەو خزمەتگوزارییە گوگڵ بە (Re-altime) ناســـراوە. یان گەر بەدوای ڕووداوی گرنگ كە لە شوێنێكی جیهاندا ڕوویداوە بگەڕێن و بزانن ڕووداوەكە بەكوێ گەیشت، گوگڵ سات بە سات لەسەر ئەم ڕووداوە ئاگادارتان دەكاتەوە.



www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەكانت پەیوەندی بكە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com